ئێران یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی دیاری کرد

نووسینگەی عەلی خامنەیی، ڕابەری ئێران، ڕایدەگەیەنێت، ڕۆژی چوارشەممە، یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە، هاوکاتیش سعوودیە، ئەمە چاودێریی مانگ دەکات و بڕیار لەوبارەیەوە دەدات.

ئەمە دووشەممە 8/4/2024، نووسینگەی عەلی خەمنەیی، ڕابەری کۆماری ئێران، لەبارەی یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان، ڕایگەیاندووە، کە ڕۆژی چوارشەممە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە.

نووسینگەکە ئاماژەی بەوە کردووە، سبەی تەواوکەری مانگی ڕەمەزانە، بەهۆی ئەوەی ناتوانرێ مانگ ببینرێ.

تا ئێستا تەنیا میسر، لەلایەن پێیمانگەی توێژنەوەی فەلەکییەوە ڕاگەیاندووە، کە ڕۆژی چوارشەممە، یەکەم ڕۆژی جەژنە، بەهۆی ئەوەی ناتوانرێ مانگ ببینرێ.